وەزارەتی كشتوكال و سەرچاوەكانی ئاو

ژمارە :١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦

## ڕێنمایی ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠١١

## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیكی

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیكی ، بەرهــەمهێنانی جۆرەكـانی سـەوزەوات بەشـێوەی پـارێزراو وكۆنترۆل كراو بەشێوەیەك كە لە هەموو وەرزەكانی سـاڵ بەرهــەمی سـەوزەوات لـە نـاوخۆ بەرهـەم بهێنرێـت بـە بەكارهێنانی ڕێگـا و تەكنـەلۆجیای نـوێ ، وەهــەروەها بەرزكردنـەوەی ئاسـتی زانـستی و هونـەری جوتیـاران و وەبەرهێنەران بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی و كۆنترۆل كردنی دەرد و نەخۆشی یەكان لەم پرۆژانەدا .

### مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- پێشكەش كردنی بەلگەنامەی خاوەنداریەتی زەوییەكە .
٢- پێویستە شوێنی پرۆژەكە و پارچە زەوییەكە گونجاوبێت بۆ چاندنی داپۆشراو لە رووی هەڵكـەوتی جـوگرافی و كەش و هەواوە .
٣- دەبێت رووبەری زەویی پێویست بۆ پرۆژەكە لە (٣) سێ دۆنم كەمتر نەبێت .
٤- پێویستە كۆی رووبەری بەكارهێنراو بۆ خانووە پلاستیكی یەكان لە (٢٥٠٠) مەتر دووجا كەمتر نەبێت .
٥- پرۆژەكە (٧٥) مەتر لە ڕێگای سەرەكی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لەشوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .
٦- پێویستە ئەو كەل و پەلانەی بەكاردەهێنرێن گونجاو بێت لەگەڵ مەرجە هونەرییەكان كـە لەلایـەن وەزارەتـەوە دیاریكراون وە ستاندارد بن .
٧- پرۆژەكە سەرچاوەی ئاوی بەردەوام و پێویستی هەبێت .
٨- چاندنی چواردەوری پرۆژەكە بە نەمامی گونجاو ، بەمەبەستی دروست كردنی باگێرەوە ( مصدات الرياح ) .

**جمیل سلێمان حیدر**

**وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٩ ) ی ساڵی ٢٠١١

## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی قارچك

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی قارچك ، بەرهەم هێنانی بەرهەمی(قارچك)ە بەشێوەیەکی زانستییانە و تەندروست ، ئامانجیش لەپرۆژەکە بەرهەم هێنان و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتیاران و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ بێت لەو بوارەدا .

### مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (١,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە تەنیا یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك بگرێتە خۆ .

٢- دەبێت ڕووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (٢,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە جگە لە یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك یەکێك یان هەردوو یەکەی (بەرهەم هێنانی تۆو ) و یەکەی ( بەرهەم هێنانی کۆمپۆست ) بگرێتە خۆ .

٣- پرۆژەکە (٧٥) مەتر لە ڕێگای سەرەکی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .

٤- دروست کردنی بینایەکی تایبەت بۆ بەرهەم هێنانی قارچك کە لە (٦) هۆل کەمتر نەبێت و هەر هۆلێکیش ڕووبەرەکەی (٢٠ * ٥ * ٥) مەتر کەمتر نەبێت ، لەگەڵ دابین کردنی تەواوی پێداویستیەکانی هۆلەکان لە (کارەبا ، ئاو پرژێنەر ، ڕەفە ، کۆنترۆلی پێویست بۆ ڕاگرتنی کەش و هەوای هۆڵەکە و پاقژکردنی ڕۆژانە ........... هتد) .

٥- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی تۆوی لەگەلدا بوو پێویستە دوو هۆڵ دابمەزرێن یەکێکیان بە ڕووبـەری (٥*٧) مەتر کەمتر نەبێت بۆ تاقیگە و دووەمیان بۆ ئامێز ( حاضنة) (١٠*٥) مەتر کەمتر نەبێت .

٦- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی (کۆمپوست)ی لەگەڵـدا بـوو گۆڕەپـانێکی پەسـێنراوی هـەبێت بـە ڕووبـەری (٤٠*٢٥)مەتر کەمتر نەبێت .

٧- پرۆژەکە سەرچاوەی ئاوی پێویستی هەبێت .

٨- پێشکەش کردنی وێنەیەك لە خاوەنداریێتی زەویەکە .

٩- ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت وەك سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی کشتوکاڵی لەگەل وەرگرتنـی مۆڵـەتی تەندروستی .

١٠-چاندنی چوار دەوری پرۆژەکە بە نەمامی گونجاو ، باگێرەوە (مصدات الرياح)ی بۆ دروست بکرێت.

**جمیل سلێمان حیدر**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**